
بە چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆک مە سعوود بارزانی
پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب
معرض أربيل الدولي للكتاب 17
جیهان بەکوردی دەدوێت
للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts
9-19 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان
پاشکۆیەکی رۆژانەیە دەزگای راگەیاندن ورۆشنبیری وهونەری المدى دەری دەکات | ژمارە (7) ساڵی بیست ودووەمین- سێ شەممە (15)نیسان 2025 |
http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# (هەولێر لە لوتکەی شارە پیرۆزەکان)







ڕۆژی ١٣ی ٤ی ٢٠٢٥ لە یادی ١٠٢ ساڵەی بە پارێزگابوونی هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا کتێبی (هەولێر لە لوتکەی شارە پیرۆزەکان) بڵاو کرایەوە.

ئەو ڕێوڕەسمە کە بە چاودێریی ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و ئامادەبوونی ژمارەیک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی (پ. د. ک) وکەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد عەدنان موفتی و ژمارەیەک لە پارێزگارەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی کابینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بنەماڵە دێرینەکانی شاری هەولێر و نووسەر و ڕۆشنبیر و کەسایەتی دیاری هەولێر بوو، بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد.

دواتر پارێزگاری هەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا دەستخۆشیکرد لە ئامادەکارانی کتێبەکە بۆ ئەم هەنگاوە گرنگەی خزمەتکردنی شاری هەولێر ناویانە. دووپاتیکردەوە، کە ئامانج وکاری ئەوان لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتکردنی تەواوی هاووڵاتییانی شاری هەولێرە.

دەربارەی کتێبەکەش گووتی:

(ئەم کتێبە بە چەند قۆناغێک تێدەپەڕێ، کۆی زانیارییەکانە لەسەر هەولێر لە بوارەکانی مێژوویی و سیاسی و کەلتووری و ئابووری و جوگرافی، شوێنەواری و جیۆلۆجی و کوردۆلۆجی، بە گشتی ئینسکلۆپیدیای دەستپێکی ژیانە لە شاندەرەوە تاوەکوو حکومەتی هەرێمی کوردستان، زانیاری گشتییە لەسەر شاری هەولێر، کە لە ڕێگەی هاوبەشی ژمارەیەک مامۆستای زانکۆکانی کوردستان بە توێژینەوەی زانستی و دیکێۆمێنت تیشک خراوەتە سەر سەرجەم سێکتەرەکان و بە وردەکارییەوە زانیاری لەسەر مێژووی هەنووکەی شاری هەولێری تێدا بڵاو کراوەتەوە)

ئاماژەی بەوەش کرد، کە «هەولێر لانکەی شارەستانییەتی دێرین و فەلسەفە و ڕووناکبیری، خودان وشەی پاک و فەرهەنگی نەتەوایەتیی ڕەسەنی کوردی بووە.» هەروەها تیشکی خستە پلان و ئەجیندا ستراتیژییەکانی شاری هەولێر، کە بە جێبەجێکردنیان هەولێر هەنگاوو بازێکی گەورە دەدات بەرەو قوولبوونەوە لە شارەستانییەتی شارە پێشکەوتووەکان ...

دواتر، قەڵغانی ڕێزلێنان بەخشرایە بنەماڵەی پارێزگارەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی کابینەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بنەماڵە دێرینەکانی شاری هەولێر و چەند برگەیەکی هونەری و فیلمی بەڵگەنامەی دیکۆمێنتاری پێشکەش کرا.

# ڕۆڵی سەرکردە لە دامودەزگاکانی حکومەت... گفتوگۆیەك لە پێشانگەی هەولێر بۆ کتێب



پانێڵە گفتوگۆیەکان لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بەردەوامە، ئەم جارە پانێڵێکی گفتوگۆ بەناونیشانی «ڕۆڵی سەرکردە لە نێو دامودەزگاکانی حکومەت، گفتوگۆیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بازرگانی و لاوان سەبارەت بە ئاستەنگەکان و دەسکەوت»، لەم پانێڵە کە بەڕێز مستەفا ئەلشیخ بەڕێوەی برد، بەڕێزان د. مستەفا ئەلعانی و د. فائز تاها سالم قسەیان لەسەر بابەتەکە کرد.

سەرەتا د. فائز باسی لە سەرکردەی هونەری و ڕۆڵی کرد و گووتی: سەرکردایەتی لە چەمکە گشتییەکەیدا و کۆنترۆڵ کردن و ئەدای باش و جگە لە توانای زۆری تر کە پایەکانیان بەدەست بهێنێ، هەروەها کەسایەتی سەرکردە، هەروەها دەبێ لە کەسایەتی سەرکردە هەندێ تایبەتمەندی تری هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کار و قەیرانەکان، هەروەها متمانە بەخۆبوون کە سیفەتی گرنگن.

بەڵام سەرکردایەتی جیاوازە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، چ لە بواری سەربازێ بێ یاخوود سیاسی یاخوود کلتووری و هونەری بێ، وەکو دەزانین لە هونەردا دەرهێنەر گەورەی کارەکەیە، لێرەدا مەبەستمان دیکتاتۆری نییە،، بەڵام کاتێ لە کارێکی هونەری کار دەکەین، هەموومان وەکو گفتوگۆ دەکەین وکو ئەکتەرەکان، نووسەر، دەرهێنەر بۆ ئەوەی بە دیدێکی هاوبەش بۆ کار دەرچین، بەڵام لە کۆتاییدا هەموومان بڕوا بە دەرهێنەر دەدەین، چونکە سەرکردەمانە لە کار.

هەروەها گووتی: کەسایەتی سەرکردە دەبێ دیکتاتۆر نەبێ، زۆرجار دەبینین کارێکی هونەری شکست دێنێ، ئەویش بەهۆی بوونی کەسایەتییەکی سەرکردە تایبەتمەندی دیکتاتۆری توندڕەوی هەیە، سەرکردە دەبێ داهێنەربێ، لەکارەکەی شکست نەهێنێ و دەبێ سەرۆکی دەزگا خۆبەزلزان نەبێ بۆ ئەوەی بەشداری ئەوانی تر بکات لە بیرۆکەکانی و تیمێکی سەرکەوتوو لەناو دامەزراوەکەیدا دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت، بەنبێ ئەوە کارەکە دەبێتە دیکتاتۆرییەکی کوێرانە و دەرەنجامی شتەکان لاواز و شکست دەبن و بوفیرۆدان ڕوودەدات.

بۆیە کەسایەتی سەرکردە دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوە و ناسینی ئەزموونی ئەوانی ترەوە وشک نەبێت، وشک بوون واتە مردن. لەلای خۆیەوە، د. مستەفا ئەلعانی باسی لە سەرکردەی بازرگانی کرد و گووتی: سەرکردایەتی بریتییە لە توانای هەماهەنگی و ئاراستە کردنی هەوڵەکانی تاکەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە سەرکردە یان ڕێکخراو دیاری کردووە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردە توانای پەیوەندی کردنی کاریگەرە و بڕیاردان، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سەرکردە و بەڕێوەبردن هەیە، بەڕێوەبردن واتە جێبەجێ کردنی دیدگا و ئاڕاستەکانی سەرکردە، لەکاتێکدا سەرکردە فەزا و بواری فراوانترە بۆ «داهێنان و جێبەجێکردنی پەیامەکە»

هەروەها گووتی:

بازرگانی لە دامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دەبێت دیدگایەکیان هەبێت، ئەگەر باس لە کۆمپانیای گشتی پیشانگەکان بکەین ئەوە کۆمپانیایەکە مامەڵە لەگەڵ چالاکییە بازرگانییەکاندا دەکات، چ لە ڕێکخستنی پیشانگە یان خزمەتگوزاری بازرگانی کە لە هاوردە و هەناردە خۆی دەگرێتەوە.دیدگە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن بەدی بهێنرێت، لە ڕێگەی ئەم چالاکییە پیشانگەیانەدا، ڕۆشنایی و دابین کردنی دەرفەت لەم کەم مەکۆ ئابورییانە و پیشەنگە تایبەتمەندەکان، ئەم پرۆسەی ڕێکخستنە چۆن دەبێت ئەگەر هەبێت، ئایا هیچ سەرکردەیەکی کاریگەر نییە کە دیدگەیەکی هەبێت؟

ڕوونیشی کردەوە، « لەوکاتەوە ئەرکی کارکردنمان لە کۆمپانیای گشتی بۆ پیشانگەکان گرتە ئەستۆ، حەزمان کردووە کەرەستەی کاریگەرمان هەبێ بۆ سەرکەوتنی پیشەسازی پیشانگەکان بۆ ئەوەی نیشاندەری ئەرێنییان هەبێ، بۆ نموونە لە میانی دانیشتنی پێشانگەی بەغدا، شاهیدی پێوەرە چۆنایەتییەکان بووین، لەوانەش زیادبوونی ٣٠٪ی ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی بەشدارییان لە دانیشتنی پێشوودا کردبوو بە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوو»

هەروەها گووتی: ئەوەی دەمەوێ بیڵێم زۆرێک لە بۆنەکان بەم فۆرمەوە دەرنەدەکەوتن بەبێ هەوڵی تاکەکان و ئەو تیمەی کە شەو و ڕۆژ لەم کۆمپانیایەدا کاردەکەن، جگە لە ڕۆحی خۆبەخشی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی هەموو سەرکردەیەک و هەموو تەکنیک کارێک و هەموو کارمەندێک و کارگێڕێک، لەکۆتاییدا، بەهۆی کاری ئەو کەسانەوە، سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەرمان بەدەست هێنا



## لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

# منداڵان دەخوێننەوە: پێشانگەکە چۆن سەرنجی منداڵانی بۆ ئەدەب ڕاکێشا؟



١٧هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بەردەوامە و ئەوەی جێی سەرەنجە ئامادەبوونی هەموو تەمەنەکان لەم پێشانگەیە.

لە نێو گۆشەکانی پێشانگەکە کە بۆنی کاغەز لەگەڵ شەونمی پیتە سەرەتاییەکان و پێکەنینی منداڵان تێکەڵ بە چرپەی خوێنەران دەبێ، ئومساڵ دیمەنێکی ناوازە، بەڵام دڵخۆشکەر سەری هەڵداوە، منداڵانی هەموو تەمەنەکان، بە هەنگاوی بچووک، بەڵام بە متمانە بەخۆبوون لە نێو پێشانگەکە دەسووڕێنەوەتەماشای کتێبەکان دەکەن و بە وردی هەڵدەبژێرن و خۆیان نوقمی سەرکێشییە ئەدەبییەکان دەکەن، حەزەکانیان دادەگیرسێنن و خولیای خوێندنەوەیان بەئاگا دەهێننەوە.

بینینی منداڵێک کە لەسەر زەوی دانیشووە و سەرقاڵی خوێندنەوەی چیرۆکێک بوو، یان کچێک کە لەگەڵ باوکیدا باسی کتێبێک دەکات کە هەڵیبژاردووە، دیمەنێکی ئاسایی نییە، بەڵکو وەک بڕگەیەکی گرنگ لە ناو پێشانگەکە بۆ نەوەی داهاتوو دەهاتە بەرچاو.

ئەمساڵ ڕێکخەران گرنگییەکی تایبەتیان بە دیزاین کردنی شوێنی تایبەت لە پێشانگاکە بە هزر و بیری منداڵان و گەنجانی هەرزەکار داوە، وە ڕێکخستنی وۆرک شۆپی چیرۆکگێڕان و نمایشی کارلێککارانە و دانیشتنی خوێندنەوەی بە کۆمەڵ، شوێنەکە بۆ ئەوە دیزاین کراوە کە خوێندنەوە ببێتە ئەزمونێکی خۆش و هەستیار، نەک ئەرکێکی قورس لە قوتابخانە.

یەکێک لە ڕێکخراوانی پێشانگەکە دەڵێت: «ئەمساڵ ویستمان منداڵان هەست بکەن بەشێکن لە ڕووداوە کلتوورییە، نەک تەنها سەردانیکەرێکی بچووک کە دایک و باوکیان یاوەری بکەن».»ئێمە کۆشکەکانمان بە ڕەنگی سەرنجڕاکێش دیزاین کرد، کتێبی گونجاو بۆ ئاستە جیاوازەکانی تەمەن، چالاکییە کارلێککاران کە پیت دەکەنە چیرۆک و لاپەڕەکان دەکەنە سەرکێشی»، ئامانج لەمەش چاندنی خووی خوێندنەوەیە لە ژینگەیەکدا کە هانی منداڵان بدات کتێب وەکو هاوڕێ بزانێت، نەک بارگرانی.

لە گۆشەیەکی بچووکی شوێنی تایبەت بە منداڵان نووسەرێک وەستابوو وبە دەنگی بەرز چیرۆکەکەی دەخوێندەوە، شووبووە ناو هزری منداڵەکان، لەگەڵیاندا پێدەکەنی، دەرفەتی ئەوەی پێیاندا پرسیار بکەن و تەنانەت کۆتایی چیرۆکەکەش بگۆڕن، ئەزموونێکی ناوازەبوو کە لە ناو دیوارەکانی پۆلی خوێندن ڕووی نەدابوو، بەڵام لیرەدا پێدەچوو وەکو ئەوەی پەیوەندییەکی کەسی لە نیوان منداڵ و کتێبەکەدا دروست بکات.

کچێکی تەمەن نۆ ساڵ بە ناوی «جوان» ئاماژەی بەو ئەزموونە کرد و گووتی «چیرۆکێکم خوێندەوە کە باس لە کچێک دەکات شارەکەی لە مەترسی ڕزگار دەکات، هەستم کرد من پاڵەوانەکەم! بەڕاستی چیرۆکەکەم بەدڵ بوو و ویستم زیاتر بیخوێنمەوە»، باوکی جوان ئەوەی دووپات کردەوە کە پێشانگەکە خۆشەویستی کۆنی کچەکەی بۆ کتێب گەڕاندووەتەوە، دوای ئەوەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان زاڵ بوون بەسەر ژیانی ڕۆژانەیدا.

دیمەنێکی تریش هەمان چیرۆک دەگێڕێتەوە، کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵان داوا لە دایکی دەکات لە بری یارییەک کە خەونی پێوە بینیوە، دوو کتێب بکڕیت و دەڵێت «یارییەکە دەشکێت، بەڵام چیرۆکەکە لە مێشکمدا دەمێنێتەوە»، تەنها ئەم ڕستەیە بەسە بۆ وەسفکردنی ئەوەی کە پێشانگەکە چ کاریگەرییەکی هەیە بەسەر منداڵاندا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەمساڵ بەشدارییەکی بەرچاوی قوتابخانەکان بوو لە پێشانگەکە، سەردانی فەرمی بۆ قوتابیانی پۆلە جیاوازەکان ڕێکخراوە، قوتابییان بەشدارییان لە کۆڕی خوێندنەوە و پێشبڕکێی ڕۆشنبیری و وۆرک شۆپی بچووکی کتێب کردووە، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ چەسپاندنی چەمکی کتێب وەک ئامرازێک بۆ چێژوەرگرتن و زانین.

مامۆستایەکی قوتابییەکان دەڵێت: «تەماشای قوتابییەکانم دەکرد وەکو پێشتر نەبوون، لەگەڵ کتێبەکاندا کارلێک دەکەن»، «هەندێکیان ئەدەبە دڵخوازەکەی خۆیان دۆزییەوە، هەندێکیشیان بۆ یەکەمجار عاشقی شیعر بوون»، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەم جۆرە بۆنانە تیشک دەخەنە سەر گرنگی تێکەڵ کردنی چالاکییە کلتوورییەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا.

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، «وێنەکیشان و ڕەنگەکانی ناو کتێبی منداڵان تەنها توحمە جوانکارییەکان نیین، بەڵکو ئامرازێکی پەروەردەیی کاریگەرن کە برەو بە خۆشەویستی خوێندنەوە لەلای منداڵان پەروەردە دەکەن»، ڕەنگە گەشاوە و گرافیکە سەرنجڕاکێشەکان مەراقی منداڵان دەورژێنن و یارمەتییان دەدەن لە چیرۆکەکە تێبگەن و بە ئاسانی بەدوای ڕووداوەکانیدا بگەڕێن، ئەمەش ئەزموونی خوێندنەوە چێژبەخشتر و کاریگەرتر دەکات، ئەم لایەنە بینراوە بووەتە هۆی ئەوەی منداڵان داوای کتێبی زیاتر بکەن و هانی دایک و باوکانی داوە بۆ کڕینی کتێبەکانیان، وەکو درک کردن لە گرنگی کتێب بۆ پەرەپێدانی خەیاڵی منداڵان و بەرزکردنەوەی توانا زمانەوانی و زانستییەکانیان لە تەمەنێکی بچووکەوە»ز

بەڵام ئایا چالاکییەکی ساڵانە بەسە بۆ هاندانی خوویەکی بەردەوام؟

هەندێک کەس ئاماژە بە گرنگی فراوانکردنی دەستپێشخەرییەکە دەکەن بۆ ئەوەی تەواوی ساڵکە بگرێتەوە، دایکێک دەڵێت: «ئەوەی پێویستمانە تەنها پێشانگە نییە، بەڵکو ژینگەیەکی بەردەوامە: نوێکردنەوەی کتێبخانەی قوتابخانەکان، یانەکانی خوێندنەوە، هاندانی خێزان و پشتگیری میدیایی».

مامۆستایەک دەڵێت: «منداڵێک کە ئەمڕۆ حەزی لە کتێبە، ڕەنگە سبەینێ لەبیری بکات ئەگەر کەسێک نەدۆزێتەوە لە گەشتەکەیدا بۆ خویندنەوە لەگەڵی بێت، خوێندنەوە تۆیەکە کە پێویستی بە کەسێکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەروەردەی بکات و ئاوی بدات، نەک فیستیڤاڵێک ساڵانە جارێک ڕێکبخرێت، و پاشان پشتگوێ بخرێت».

لەکۆتایی ڕۆژەکەدا لە پێشانگە دەردەچێت و دەبینێت منداڵێک کتێبێکی لەباوەش گرتووە، وەک ئەوەی خەونێکی لەباوەش گرتبێ، بریقەیەک لە چاوەکانیدا وەکو هیچ شتێکی تر نەبوو، بریقەیەک دەڵێت خوێندنەوە سیحرێکی بەرگە نەگیراوی هەیە، پێشانگەی کتێب تەنها بازاڕێکی کلتووری نەبوو، بەڵکو پەنجەرەیەکی هیوا بوو بەرەو کۆمەڵگەیەک کە لە تەمەنێکی بچووکەوە دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و خەون دەبینێت.

## دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردستان..

# هەزاران ناونیشانی جۆراو جۆری كتێب بە زمانی دایك

■ المدى: هەولێر

حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی كتێب لە هەولێر شاهیدی بەشدارییەكی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە و دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی بە گەموگوڕییەوە نمایشی چاپكراوەكانی خۆیان كرد، كە هەزاران ناونیشانی كتێب بە زمانی كوردی لە پێشانگاكەدا بەرچاو دەكەون و بەشێكن لە دەوڵەمەندكردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی كوردستاندا، كە زیاتر گوزارشت لە پەرەسەندنی هۆشیاری ڕۆشنبیری پشتیووانیكردن لە زمان و كولتووری ناوخۆیی، هەروەها زیادبوونی خواست لەسەر بڵاوكراوە كوردییەكان لە بوارەكانی ئەدەب، مێژوو، فیكر و فەلسەفە و ئەدەبی منداڵان و كتێبی پەروەردەیی.

ئەمساڵ دەیان دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوە لە ٢٢ وڵاتەوە بەشداری پێشانگاكە دەكەن، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاكێشتر بەشداریی كارا و بەرچاوی دەزگا كوردییەكانە، چ لە ڕووی ژمارەی دەزگا بەشداربووەكان و چ لە ڕووی ناونیشان و ناوەڕۆكی كتێبەكانیانەوە، كە پێدەچێ كێبڕكێكە تەنیا لەسەر جوانكردن و ڕازاندنەوەی ڕەفەی كتێبەكان نەبێت، بەڵكو لە كێبڕكێی كوالیتی بەرزی چاپكردن بەشداریی كارایە لە بۆنە و چالاكییە ڕۆشنبیری و كولتوورییەكاندا. لە نێو ئەو دەزگایانەی چاپ و بڵاوكردنەوە كە ئەمساڵ بەشداریی كاراتریان هەبووە لە ساڵانی پێشوو، دەزگای مێخەك بوو، سۆران خالید بەڕێوەبەری دەزگای مێخەك دەڵێت: ئەمە پێنجەمین بەشداریمانە لە پێشانگای نێودەوڵەتیی كتێبی لە هەولێر، لە یەكەم بەشداریكردنمانەوە، گرنگی ئەم چالاكییە ڕۆشنبیرییەمان بۆ دەركەوتووە، نەك تەنیا بۆ بەرەوپێشبردنی كتێب، بەڵكو بۆ بوژاندنەوەی گفتوگۆی كولتووری لەناو كۆمەڵگەدا. ئێمە پێمانوایە كتێب ئامرازی سەرەكییە بۆ گۆڕانكاری و بەو بڕوایەشەوە هەوڵدەدەین ناونیشانی نوێ بخەینەڕوو، كە لە چاپكردنی هەر كتێبێكدا باس لە پێداویستی و پرس و خواستەكانی خوێنەرانی كورد بكەن»

سۆران خالید گوتیشی: ئەمساڵ ٢٤ ناونیشانی نوێی تایبەت بەخۆمان نمایش دەكەین، كە دەرئەنجامی هاوكارییە لەگەڵ نووسەرانی كورد لە سەرانسەری كوردستان و دەرەوەی كوردستاندا. لە یەكەم ڕۆژیشدا سەرنجماندا خەڵك و خوێنەرانی كورد بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر بەشداری دەكەن، كە تینوێتی خەڵك بۆ كتێبی چاپكراو و بۆ ناوەڕۆكی باش، ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە كە دەیانەوێت كتێب بە زمانی دایك گوزارشتیان لێ بكات. ئەم جۆش و خرۆشەی سەردانیكارانی پێشانگاكەش پاڵنەرێكە بۆ ئێمە تا بەردەوامبین و باشترین ناونیشان و ناوەڕۆك پێشكەش بكەین.

بەڵام خانەی یارا پلەس، كە بەشداربوویەكی دیكەی پێشانگاكەیە، هەوڵیداوە لە چوارچێوە باوەكانی چاپ و بڵاوكردنەوەی كتێب دەربچێت و شتێكی جیاواز پێشكەش بكات، وەك محەمەد سالم، نوێنەری خانەی یارا پلەس دەڵێت: ئەمە دووەم ساڵی ئێمەیە لە پێشانگاكەدا بەشدار دەبین، هەرچەندە كتێب پێشكەش ناكەین، بەڵام ئەوەی نمایشی دەكەین لە ڕووی بەهای فیكری و پەروەردەییەوە، گرنگییەكی كەمتری نییە لە كتێب. ئێمە یارییە هزرییەكان پێشكەش بە منداڵان دەكەین، كە ژمارەیان زیاترە لە ٣٠٠ یاری، ئامانجمان لە پێشانگاكە پەرەپێدانی زیرەكیی و بەرزكردنەوەی توانا دەروونییەكانی منداڵانە.

لە درێژەی قسەكانیدا گوتی: «لە ئێستادا شاهیدی پەرەسەندنی ئارەزووی دایكان و باوكانین كە بەدوای بەدیلێكی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن بۆ مۆبایل و تابلێت، كە كاتەكانی منداڵان بەفیرۆ دەدەن و كاریگەرییان لەسەر كارلێكە كۆمەڵایەتییەكانیان هەیە. ئامادەبوونمان لە پێشانگاكەدا دەرفەتێكی زێڕینە بۆ گەیشتن بە بینەرێكی ئاگادار، كە لە گرنگی پەروەردەی دەروونیی لە كاتی منداڵیدا تێدەگەن. ئامانجمان ئەوەیە یاریكردن بكەینە ئامرازێك بۆ فێربوون، نەك تەنیا كات بەسەربردنێكی ڕاگوزەر.

لە نێو بەشداربووە كاراكانی حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی كتێب لە هەولێر، كتێبخانەی ناوەندیی زانكۆی سەلاحەدین یەكێك بوو لەم بەشداربووانە، كە ئەمساڵ بە كۆشكێكی دەوڵەمەند و چەندین ناونیشانی ئەكادیمی و ڕۆشنبیری بەشدارییان كردووە، وەك ئەحمەد قادر نوێنەری كتێبخانەكە ڕوونی كردەوە: ئێمە بە نزیكەی ٤٠٠ ناونیشان بەشداری دەكەین، كە زۆرینەیان بە زمانی كوردین، جگە لە كتێبی عەرەبی و ئینگلیزی. ڕۆڵی ئێمە تەنیا لە دابینكردنی كتێب بۆ قوتابیان سنووردار نییە، بەڵكو هەوڵدەدەین وەك پەیوەندییەك لە نێوان بازنە ئەكادیمییەكان و دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوەدا خزمەت بكەین، بەمەش ئاسانكاری بۆ بڵاوكردنەوەی زانیاری لەناو كۆمەڵگەی ئەكادیمیدا دەكەین. ڕوونیشیكردەوە: پێشانگاكە نوێنەرایەتی ڕووبەرێكی فراوان و گرنگ دەكات بۆ بەیەكەوە گەیاندنی مامۆستایان و قوتابیان، یان تەنانەت دامەزراوەكانی دیكەش. ئێمە حەز دەكەین بەشداری ئەم بۆنانە بكەین، چونكە وامان لێدەكات نوێترین بڵاوكراوەكان ببینین و هاوكارمان بن بۆ دروستكردنی پەیوەندییەكی هاوبەش لەگەڵ كتێبخانەكانی تری زانكۆ، جا چ لە كوردستان بێت یان شارەكانی دیكەی عێراق. ئێمە پێمانوایە كە كولتووری ئەكادیمی نابێت لە واقیع جیابكرێتەوە و ئەم بۆنانەش پردێكی گرنگن بۆ ئەوە».

لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا ئاماژەی بەوەشكرد، هیوادارین بەشداری زانكۆكان لە پێشانگاكانی داهاتوودا فراوانتر بێت، هەروەها ئەم ئامادەبوونە لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییەكان و وەزارەتەكانەوە پاڵپشتی بكرێت، بەو پێیەی سوودەكانی بە تەواوی ژینگەی پەروەردەیی بڵاودەبێتەوە.

حەسەن دانیشفەڕ، بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی دانیشفەڕ، باسی لە سرووشتی بەشداریكردنیان كرد و گوتی: ئەمساڵ ٣٠٠ ناونیشان نمایش دەكەین، هەموویان بە زمانی كوردین، نووسینی نزیكەی ٢٥٠ نووسەری كوردن و هەندێكیان ناسراون و هەندێكی دیكەش تازە پێگەیشتوون، كە باوەڕمان بە بەهرەكانیان هەیە، ئێمە سەرنجمان لەسەر بەهێزكردنی ئەدەبیات و بیركردنەوەی كوردییە لەڕێگەی بڵاوكراوەكانمانەوە، بۆیەش ناونیشانی بەرهەمەكانمان جیاوازن، ڕۆمان، شیعر، ڕەخنە، فەلسەفە و ئەدەبیاتی منداڵان، لە ناو بڵاوكراوەكانی ئێمەدا هەن.

دانیشفەڕ ئاماژەی بەوەشكردووە: ڕۆژی یەكەم لەڕووی ئامادەبوونەوە هاندەرێكی باش بوو، بەڵام ئێمە ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی كە ڕۆژانی دواتر لە پێشانگاكەدا بە شێوەیەكی گشتی قەرەباڵغی زیاتر دەبینین. زۆرێك لە سەردانیكاران لە ڕۆژی یەكەمدا تەنیا دێن بۆ گەڕان و خوێندنەوەی ناونیشان و مانشێتەكان و وێنەگرتن، پاشان لە ڕۆژانی دواتردا دەگەڕێنەوە بۆ كڕینی كتێب. ئێمە گەشبینین كە ئەمساڵ بەشداریكردنێكی زیاتر لە ساڵانی پێشوودا بەخۆیەوە دەبینێت»

لای خۆیەوە مەحمود ئەحمەد نوێنەری دەزگای چاپ و پەخشی ئارام جەختی لەوە كردەوە كە بەشداریكردن لە پێشانگاكەدا لە فرۆشتنی كتێب تێدەپەڕێت، بەڵكو درێژدەبێتەوە بۆ ئامانجە ڕۆشنبیری و كولتوورییە قووڵەكان. ئەو گوتی: ئێمە بەشداری پێشانگاكە دەكەین بۆ بەهێزكردن و چەسپاندنی ڕۆشنبیری لەناو كۆمەڵگەدا، دواتر سوودی بازرگانییش دەبینین، بەڵام هەمیشە هەوڵدەدەین بەشێك بین لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە كوردستان و بەشداربین لە هۆشیاركردنەوەی خوێنەران بە تایبەتی و تاكی كورد بەگشتی. ئەم ئامادەبوونە بەرفراوانەی دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوە، هاوكات لەگەڵ ڕێكخستنی كوالیتی بەرز، پێشانگای هەولێر دەكاتە بۆنەیەكی ڕۆشنبیری، كە شایستەی تەقلیدكردنەوە بێت لە تەواوی ناوچەكەدا.

ئاماژەی بەوەشكرد: ئەوەی پێشانگای ئەمساڵ لە ساڵانی پێشوو جیا دەكاتەوە، ئەو ئۆفەر و داشكاندنانەیە كە دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوە پێشكەشی خوێنەرانی دەكەن، ئەمەش وادەكات خوێنەران بە نرخێكی گونجاوتر كتێب بكڕن و هانی كڕینی ناونیشانی زیاتر دەدات. جگە لەوەش ئەم بۆنانە بۆ بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی خوێندەوار و تێپگەیشتوو و فراوانكردنی هۆشیاری ڕۆشنبیری و كولتووری لە كۆمەڵگەی كوردیدا پێویستییەكی سەردەمن.

جێگەی ئاماژەیە حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ كتێب، تەنیا بازاڕی كتێب نییە، بەڵكو ڕووداوێكی ڕۆشنبیری گشتگیرە كە دەزگاكانی چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردی ڕۆڵی سەرەكی تیادا دەگێڕن. ئەم دەزگا و چاپخانانەش لە ڕێگەی بڵاوكراوە جۆراوجۆرەكانیان و گرنگیدانیان بە زمانی كوردی و كرانەوەیان بەرامبەر بە پرسەكانی منداڵان و پەروەردەیی، توانای خۆیان بۆ دروستكردنی كولتوورێكی هۆشیارانە نیشان دەدەن، كە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ شوناس و خواستەكانی كۆمەڵگا. ڕۆژانی داهاتووی پێشانگاكە بەڵێنی بۆنە و كۆبوونەوەی زیاتر دەدەن، كە ئەوەیش سیمایەكی ڕۆشنبیری زیندوو و شایستە بە هەولێرە.



# هونەرناسنامە بەرز دەنرخێنیت و دەیپارێزێت.. گفتوگۆیەكی دوور و درێژ لە هۆڵی سیمینارەكان



■ هەولێر / زەین یوسف

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ كتێب بەردەوامە لە سازكردنی چالاكی جیاواز و بەستنی كۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر. ئەمجارە سیمینارێك بەناونیشانی «ڕۆڵی هونەر لە دەوڵەمەندكردنی ناسنامەی نەتەوەیی» بەڕێوەچوو. لە سیمینارەكەدا هونەرمەندی میسری نازلی مەدكوور بەشداربوو،ناوبراو لەلایەن ماریان دەحدوحەوە چاوپێكەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدراوە.

مەدكۆر باسی لە ڕۆڵی هونەر كرد لە دەوڵەمەندكردنی شوناسی كولتووری و وتی: هونەر ڕۆڵی هەیە لە دەوڵەمەندكردنی شوناسی نەتەوەیی ،چونكە یەكەم: شوناس دەپارێزێت، دووەم، بەهێزی دەكات، سێیەمیش بەدی دەهێنێت، هونەر شوناس دەپارێزێت،واتە ئەوەی گەلان ئەزموونیان كردووە دەیپارێزێت، ئەو ڕابردووەش دەگوازێتەوە كە گەلێك لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی دیكە ژیاوە، وە هەستی شانازی كردن بۆ ژیان بە گەلەكان دەبەخشێت كە لەگەڵ داب و نەریتی خۆیاندا ژیاون، لە لایەكی دیكەوە هونەر پەرە بە شوناس دەدات كاتێك هونەرمەند تەكنیكە مۆدێرنەكان بەكاردەهێنێت، جوانی نوێ بۆ ئەو شتانە زیاد دەكات كە گەلان لە كاتەكانی دیكەدا تێیدا ژیاون.

ئاماژەی بەوەشكرد»بوونی مۆزەخانەكان گرنگن، چونكە كۆگایەكی فیزیكی ناسنامەی مرۆڤەكانن، ئەمەش وادەكات نەوەی نوێ بزانن مرۆڤەكان لە سەردەمەكانی پێشوودا چۆن ژیاون. بۆیە هونەر گرنگیەكی زۆری هەیە لە یارمەتیدانی گەلان كە ڕۆڵیان هەبێت لە گەشەپێدانی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهاندا. كاتێك ناسنامە لەڕێگەی هونەرەوە پەرەی پێدەدرێت، گەلان دەتوانن بچنە ناوهزری باوی مرۆڤایەتی بەگشتی .

مادكۆر ڕوونیشیكردووەتەوە، «هونەر دەتوانێت پەرە بە كولتوور بدات و نەك تەنها بیپارێزێت،چونكە هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی خۆی و مێژووی كۆن و هەوڵی بەدیارخستنی هەندێك لەو شتانە دەدات كە زەمەن شاردویەتییەوە. هونەرمەند بە بەكارهێنانی ئامرازە نوێیەكان كە پێشتر بەكارنەهێنراون، وەك سینەما و نمایشی درامی بە شێوەیەكی مۆدێرن و هەندێك تەكنیك و ئامراز، چ لە هونەرە بینراوەكاندا یان تەنانەت لە مۆسیقادا. ئەمەش جۆرێك لە دەرخستن بەدەستدەهێنێت بۆ شێوەی شوناسی كۆن... هەروەها هونەرمەند بە شوناسی ناخ و عەقڵی بەكۆمەڵیش بەدیار دەخات، هەروەها باسی لە هونەر كرد وەك ئەرشیف و چۆن هونەر بە هەموو فۆرمەكانییەوە ئێستا بە ڕابردوو و پاشان بە داهاتووەوە دەبەستێتەوە و وتی، «ئەرشیف بۆ خودی شوناس زۆر گرنگە و هونەریش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ڕابردوو و بەكارهێنانی ڕابردوو بۆ دەرخستنی هەندێك لەو چەشنە كۆنەپەرستیانەی كە بە هەندێك گەلەوە گرێدراون، بەدواداچوون بۆ گێڕانەوەی ڕاستەقینە دەكات، هونەریش هەندێكجار هەمواركردنەوەیەك پێشكەش بە بایۆگرافیای (سی ڤی) هەندێك لە گەلان دەكات، سیڤیەك كە بە هۆی كۆلۆنیالیزمەوە سڕاوەتەوە، بەم چەشنە هونەر یارمەتیدەرە بۆ ئاشكراكردنی گێڕانەوەی ڕاستەقینە و هێنانە بەرچاویان و لەگەڵ ئەوانیشدا ڕووبەڕووی چەشنە چەقبەستووەكان دەبێتەوە».

دەشڵێت: هونەرمەند دەبێت بە دوای ناسنامەكەیدا بگەڕێت، وشەی (ناسنامە) ش وشەیەكی زۆر لاستیكییە و بە تەنهاهیچ مانایەكی نییە، هونەر بەدەست نیشانكراوی داب و نەریت و مەزاج و دەنگ و بۆن و ڕەنگەكانە، هەموو شتێكی تێدایە واتا و ئاماژەی خۆی هەیە، هەر هونەرمەندێكیش مەزاج و مەزاجێكی تایبەتی خۆی هەیە. هونەرمەند دەبێت لە بەدوای بنەچەی خۆی لە ڕابردوودا بگەڕێت بۆ ئەوەی بە تەواوی نەتوێتەوە لە حاڵەتێكی جەلاتینیدا بۆ ئەم ناسنامەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی بیستەم، هونەرمەندی وەك هونەرمەند "بەیا" لە جەزائیرەوە دەدۆزینەوە، كە ڕووی لە هونەری ئەمازیغی كردووە و چەند هێما و شێوەیەكی لێ وەرگرتووە، لە مەغریبیشدا هونەرمەند "شوعەیبیە" هەیە كە بەرەو شێوە میللیەكاندا چووە، لە عێراقدا هونەرمەند "مەدیها عومەر" و "شاكر حەسەن ئەلسەعید"یش دەدۆزینەوە كە بەرەو نووسینی عەرەبی چوون و جوانییەكانیان دەرخست و قوتابخانەی خۆشنووسی عەرەبیان دامەزراند

# لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

# فەلەستینییەکان و کوردەکان بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی هاوبەش و پتەویان هەیە




لە درێژەی بەرنامەی پانێڵەکان لە ١٧هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب پانێڵێک بۆ سیاسەتمەداری فەلەستینی یاسر عەبد رەبە بەڕێوەچوو، لەم پانێڵە کە د. محەمەد ئیحسان بەڕێوەی دەبرد، یاسر عەبد رەبە باسی پەیوەندییەکانی فەلەستین و کورد و یەکتربڕینەکانی ناسنامە و خەبات لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگە هەرێمایەتییەکان کرد.

سەرەتا عەبد رەبە ئاماژەی بۆ پەیوەندییەکانی عەرەب و کورد و گرنگترین وەرچەرخانەکانی نێوان هەردوو گەلی کرد و گووتی: «ئەم پێشانگایە و هەوڵەکانی دامەزراوەی (ئەلمەدا) هاوکارە لە درووستکردنی پرد لەسەر ئاستی کلتووری و مەعریفی نێوان دۆزی نەتەوەی کورد و دۆزی دیموکراسی لە عێراق و هەنگاوەکان بەرەوە بنیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی، لەلایەکی دیکەشەوە لە نێوان خەباتی سەرجەم گەلانی ناوچەکە و بەدیاری کراویش گەلانی عەرەبی، لەوانەش گەلی فەلەستین لە پێناو تەواوکردنی رزگاری نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی».

هەروەها گووتی: «یادەورییەکان پڕە لە پەیوەندیی مێژوویی نێوان گەلی فەلەستین و گەلی کورد، ئەگەر پرسیار لە فەلەستینییەکان بکەیت دەربارەی کورد، وەڵامی دەستبەجێیان دەبێت (سەڵاحەدین)، کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە ئازادکردنی قوسدا کرد، سنووری بۆ هێرشی خاچ پەرستان بۆ سەر فەلەستین دانا، هەروەها بۆ رزگارکردنی ناسنامەی عەرەبی فەلەستین لە قۆناغێکدا کە تەواوی رۆژاوا هاوکاربوون بۆ داگیرکردنی ئەم شوێنە، بۆ داگیرکردنی ئەم نیشتمانە و گۆڕینی تایبەتمەندی و کارەکتەری و ئینتمای بۆ ناوچەکانی تر».

جەختیشی کردەوە کە «سەڵاحەدین لە فەلەستین دیاردەیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو قۆناغێکی گرنگی خەباتی نەتەوەیی گەلی فەلەستین بوو، بەشێک لە پشتیوانی سەڵاحەین ئەوە بوو کە هەندێک هۆزی کوردی لە فەلەستین نیشتەجی کرد و تا ئەمڕۆش ئەو هۆزانە ماون».

روونیشی کردەوە: «لە سەردەمی هاوچەرخدا پەیوەندییەکی نزیک هەبووە لە نێوان بزوتنەوەی خۆڕاگری فەلەستین و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کە خەباتیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و نەهێشتنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی کە گەلی کورد تووشی بوو، نەک لە وڵاتێک، بەڵکو لە چەند وڵاتێکی ناوچەکە، پەیوەندی پتەو هەبوو، هەندێکی ئاشکرا نەبوو، هەندێکیان دەتوانرا جارجارە رابگەیەندرێت، بەڵام پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەندێ رژێمی عەرەبی، تەنانەت لەگەڵ رژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق لەو کاتە بەربەستیان درووست کرد کە وابکات نەتوانین ئەرکەکانمان بەجێبهێنین بۆ پشتگیری لە خەباتی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی جێبەجێ بکەین، چ لە ناوەوەی عێراق، یاخوود لە وڵاتانی تر».

هەروەها گووتی: «لێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەم دوو گەلەدا هەیە، هەردوو گەل شەڕیان کردووە و تا ئێستاش خەبات دەکەن دژی رەگەزپەرستی و ریشەکێشی لە خاک و نیشتمان و بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین، تا ئاستی مافی سەربەخۆیی لەسەر خاکی نەتەوەییمان، ئەم تەوەرەی ئێمە و خەباتەکەمان یەک دەخات، هەروەها دیدگای نەوەکانی خەباتگێڕانی فەلەستینی لە پەیوەندییان لەگەڵ خەباتکارانی کورد لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخ نەک تەنها لە رێی ئەو میراتەمان کە لە مێژووی رابردوو وەرمان گرتووە«.

سەبارەت بەوەی ٧ی ئۆکتۆبەر لەلای عەبد رەبە واتای چییە؟، گووتی: «٧ی ئۆکتۆبەر دەرەنجامی دۆخێک بوو کە قووڵتر دەخولایەوە ناو تەقینەوەیەکەوە، دوای چەندین تەقینەوە کە لە سەرەتای سەدە و پێشتر روویدا، غەزە وەکو زیندانییەکی ئیسرائیلی بوو، لە پێش داگیرکردنی لە ساڵی ١٩٦٧، ئەم زیندانە لە پاش داگیرکردن خۆی لە زەوییەکی تەسک بینییەوە، کە ناگاتە ٣٦٠کم چوار گۆشە، ئیسرائیل لە ناو دڵی ئەم زەوییە چێنراوە، ئەم زەوییە کە وەکو دەڵێن چڕترین دانیشتوانی لەخۆ گرتووە لە جیهان، ئیسرائیل خەڵکی خۆیی نیشتەجێ کردووە لێی، لەگەڵ تەسکی ناوچەکە، باشترین ناوچە کشتوکاڵییەکانی بریوەتەوە بۆ ئەوەی پرۆژەی کشتوکاڵی لەسەری بنیات بنێ، و چەندین خاڵی سەربازی لە سنووری میسر باشووری غەزە تا سنوورەکەی لە باکور دامەزراندووە، ئەم زیندانییە بچووکە بۆ فەلەستینییەکان کە ژمارەیان گەیشتە دوو ملیۆن کەس»



# لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر،

# خوێندنەوە بۆ زمان و شوێن و کاتی تابلۆ سەربەخۆکان دەکرێت

■ هەولێر , تەبارەک عەبدولمەجید

> لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، گوتارێک بە ناونیشانی ئاراستەی تابلۆکان لەڕووی زمان، شوێن و کات لەسەردەمی سۆمەرییەکان تاوەکو ئێستا بەکوێ گەیشتووە، ئەم گوتارە بەسەرپەرشتی دکتۆر ئۆس جەبوری پێشکێشکرا، سەید فەتحی مەلا عەلی میوان بوو کە پۆستی ڕاوێژکاری هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.



سەید فەتحی لە زانکۆی بەغدا خوێنکاری بەکالریۆسە بۆ زمانی ئینگلیزی ، ماوەی سێ ساڵ کاری وەرگێڕانی کردووە لە زمانی ئینگلیزیدا هاوکات دبلۆمی لە زانستە سیاسییەکان هەیە، چەندین خەڵاتی گرنگی بەدەست هێناوە، ئەمساڵ کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە. گوتارەکەی کەدەربارەی مێژوو و شارستانییەتی سۆمەریەکان بوو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی زۆری لێکرا و دەرگای گفتوگۆ زۆر بە چڕی کرابووە، کات و پێشکەوتن و هەوڵی خەڵکی لەسەردەمی سۆمەرییەکان تەواو سرنجی ئامادەبوانی ڕاکێشابوو.

لەلای خۆیەوە دکتۆر ئۆس جەبۆری، پێشوازی لە میوان و ئامادەبووان کرد، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بوونی ئەم پێشانگەیە و دەرفەت رەخساندن بۆ بەبەڕێوەبردنی چالاکییە جۆراوجۆرەکان، ئەم گووتارانە دەرگای دیالۆگ و داهێنانی خەیاڵ دەکاتەوە، پاشان ڕوونکردنەوەیەکی گشتی دەربارەی ناوەڕۆکی گوتارەکە پێشکێشکرد بەتایبەت گرنگی شەڕی سۆمەرییەکان و مانای تابلۆ سەرنجراکێشەکانیان کە تاوەکو ئێستا لە هەوڵی زیاتردان بۆ شیکردنەوەی مانای تابلۆکان.

پاشان سەید فەتحی مەلا عەلی گوتی: سوپاس بۆ دامەزراوەی (المدى) کە دەرفەتی پێدام لەسەر بابەتێکی گرنگ و سەرنجراکێش بدوێم و گفتووگۆ لەسەر شارستانییەتی سۆمەرییەکان بکەم هەروەها سووپاس بۆ کتێبخانەی تەفسیر کە کتێبەکەمیان بە چاپ گەیاندووە، دڵخۆشم یەکەم کتێبم بە چاپ گەیەنرا .

پاشان گوتی دەمەوێت باسی ساڵی ١٩٨٧ بکەم کە ئەوکاتە خوێنکاری زانکۆ بووم لە بەشی زمانی ئینگلیزی لە بەغدا، لەسەردەمی من بەغدا شاری هونەر و ئەدەب بوو، رۆژنامەکانی دەرەوەی وڵات دەهێنرانە بەغدا، رۆژنامەیەکیان کە لە لەندەنەوە هێنرابوو باسی چیرۆکی پێخەمبەر نووح و شارستانییەتی سۆمەریەکانی تێدا نوسرابوو، زۆر سەرم سوڕما و بە تامەزرۆوە دێڕ بە دێڕی نووسینەکەم دەخوێندەوە، لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا نەوەستاووم لە خوێنەوە لەسەر تابلۆ جیاوازەکانی سۆمەرییەکان و هەمووکاتێک توشی سەرسووڕمان دەبم بە بوونی ئەو شارستانییە پێشکەوتووە لەو سەردەمەدا.

سەید فەتحی دەڵێت، لە پێشانگەی بیرۆسوس کە تایبەت بوو بە چیرۆکی سۆمەرییەکان، ئاین و مێژوویان و باسکردنی جیهانی کۆن و شارستانییە پێشکەوتتوەکانیان، ئەو کاتە بۆ من دەستپێکی درووستبوونی خوشەویستیم بوو لەسەر تابلۆی سۆمەرییەکان، تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

دکتۆر ئۆس جەبۆری، کە وەرگێڕانی بۆ زۆرێک لە تابلۆی سۆمەرییەکان کردووە گوتی: لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی بەریتانیا دا، مامۆستایەک باسی ئەوەی کردکە تەنها لەو مۆزەخانەیەدا، ١٣٠ هەزار تابلۆی گڵی هەن لە شەڕی وادی ڕەفیندن، دۆزراونەتەوە زۆربەیان مێژووەکەی بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگێڕدرێتەوە.

بەگوێرەی گوتەکانی جەبۆری، بەشێوەیەکی راستەوخۆ سۆمەرییەکان ناوینا لە کتێبە ئاسمانییەکاندا نەهاتووە، بەڵام لە یەکێک لە تابلۆ کۆنەکاندا هاتووە کە زاناکانی ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ باسی درووستبوونی سەردەمی شارستانییەت دەکەن واتە سەردەمی سۆمەرییەکان، لێرەوە دەست بە لێکدانەوەی تابلۆکان کرا و هۆکارێک بوو بۆ ئاشکراکردنی سەردەمی سۆمەرییەکان و شارستانییەتیان.

لەبارەی رەچەڵەکی سۆمەریەکان زۆر بیرووڕا هەیە، هەندێک پێیان وایە لە هندستانەوە سەریان هەڵداوە و هەندێکی دیکە دەڵێن لە فیلنداوە یاخود یابانەوە هاتوون، ئەوەی کەزۆربەی زاناکان هاوڕان تێیدا ئەسڵی سۆمەرییەکان لە وادی ڕافیدەینەوە بووە و لە ساڵی ٦٠٠ پێش زاین سۆمەرییەکان هەبوون.

بەڵام هێشا ڕوون نیە هۆکاری ئەم گەشتە و زۆری بیرووڕایە لە چیەوە سەریهەڵداوە، هەندێک دەڵێن بەهۆی سیاسەتەوە یان ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیەوە بووە.

١٢ ساڵ پێش ئێستا لە ئەکادیمیایەکی ئەمریکا توێژینەوە بۆ رەچەڵەکی نەتەوە جیاوازەکان کراوە و تاوەکو چەند نەتەوەکان لێک نزیکن لەوانە کورد، یەهود، ئێزیدی، فەڵەستینی، لوبنانی،عەرەب، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست رێژەی لێک نزیکی ژنێکی کورد و یەهودی زۆر بووە کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان جیناتیان هەیە و٢١٠٠ ساڵ پێش زاین پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی لەنێوان کورد و یەهود هەبووە، و شارستانیە کۆنەکان دەرخەری ئەوەن.

## لە نێوان لاپەرە و ئاوازدا،

# پێشانگاکە دەبێتە سەمفۆنیایەکی کەلتووری




لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر، تەنیا کتێب نەبوو کە سەرنجی بینەرەکان ڕابکێشی؛ بەڵکو میوزیک لە شێوەی میوانێکی قۆز لە نێوان کۆشکەکاندا دەخزێت، وهەستێکی جوان وتایبەتی بەردەوام بەجێدەهێشت وساتێکی جیاواز بە ساتەکانی گەشت کردن بە نێو دونیای کتێبەکاندا دەبەخشێت.

لە دەستپێکی هۆڵە گەورەکەدا، عودژەنێک بە هێمنی لەسەر کورسییەکی دار دانیشتبوو، ئاوازێکی ڕەسەنی کوردی دەژەند، خێزانەکان وسەردانیکەرانی پێشانگا بەخۆیان وبە جانتای پڕ لە کتێب بەلایدا تێدەپەڕین هەندێکیان بۆ ساتێک دەوەستن و زەردەخەنە دەکەن و وێنەیەک دەگرن و دواتر بەردەوام دەبن لە ڕێگاکەیان، وەک ئەوەی مۆسیقاکە خاڵی پشوودان بێت بۆ ڕۆح پێش ئەوەی بچنە بەشێکی نوێ لە پێشزنگا.

ئالان حەسەن، خوێندکاری کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، دەڵێت «مۆسیقا لێرە تەنها ئاسوودەیی نیە، بەڵکو بەشێکە لە ڕۆحی پێشانگاکە. ئاماژەی بەوەشکرد کەوا، «جوانییەکی تایبەتە کە کولتوور بە مانا فراوانەکەی لێرەدا ببینین: کتێبێک دەخوێندرێتەوە، ئاوازێک دەژەنرێت و شوێنێک کە ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ ژیان بە هەموو شێوەکانیەوە».

لە چوارچێوەی بەرنامەی پێشانگاکەدا ڕۆژانە شوێنێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ نمایشی میوزیک کە بۆ سەردانیکەران جێگەی سەرنج وبایەخدانە، هەندێکیان لەسەر زەوی دانیشتبوون بۆ گوێگرتن، لە کاتێکدا هەندێکی تر چەپڵەی سەرسامیان لێدا بۆ دیمەنێکی نائاسایی پێشانگای کتێب.

لە گۆشەیەکی تردا، لە نزیک شوێنی کتێبە هونەرییەکان، سەهران قادر، مامۆستای زانستە و خەڵکی هەولێرە، لە کاتی سەیرکردنی نمایشێکی کەمانچەژەنێکی گەنجی دەکرد. ووتی: «لە راستییدا ئەمە یەکەمجارمە هەست دەکەم کە پێشانگاکە لە شارێکی کولتووری ڕاستەقینە دەچێت." کتێبێک لە دەستدایە، ئاوازێک لە گوێدا دەخوێنێت، زەردەخەنەیەک لە دەموچاوەکاندا هەیە. «تێکەڵەیەک کە بەرەنگاربوونەوەی زۆر ئەستەمە».

هەر وەها دەڵێت: هەست دەکەم میوزیک وکتێب هاوبەشن لە جوڵاندنی هەموو ئەو شتانەی کە کپن لە ناخی مرۆڤدا.

چالاکی میوزیک، کە بە شێوازێکی لاوەکی نیشاندرا لە ڕۆژی یەکەمی پیشانگا، هەر زوو بوو گۆرا بۆ وێستگەیەکی بەناوبانگی سەردانکەران.

نەشوان، ئەندازیاری دەنگە و بۆ چوارەمین جارە کار بۆ پێشانگاکە دەکات، لە لێدوانێکدا بۆ (پاشکۆی المدی ووتی)، بیرۆکەکە بۆ «دروستکردنی کەشێکی کراوەتر و هەمەچەشنتر»ەوە دەگەڕێتەوە.

ئێمە پێشانگایەکی بێدەنگمان ناوێت. ئێمە پێمان وایە کولتووری بێدەنگی پیرۆز نییە، بەڵکو زیندوویی و کارلێککردنە. هەر بۆیە میوزیک لە چوارچێوەی دیدگای ئەمساڵدا هەڵبژاردنێکی سروشتی بوو.

هەروەها دەڵێت: «میوزیک بینەرێکی هەمەچەشن بۆ خۆی ڕادەکێشێت و فەزای بیرکردنەوە وتێرامان فەراهەم دەکات وە کاتێکە بۆ پشوودان لە ناو قەرەباڵغیدا. هەروەها ئەزموونێکی بیستنە کە تەواوکەری ڕەهەندی بینراو و دەقی پێشانگاکەیە».

هەرچەندە هەندێک رای جیاواز بۆچوونیان ئەوەبوو کە مۆسیقا ڕەنگە سەرقاڵی دروست بکات لە فەزای خوێندنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆربەی سەردانکەران بە بەشێکی گرنگ وخۆش و تەنانەت پێویستیشیان زانی.

هۆزان جەلال، لە پارێزگای دهۆک ەوە هاتووە ودەڵێت: «من لەوانەم کە تەنها بە بێدەنگی دەخوێنمەوە، بەڵام لێرەدا جیاواز بوو». ڕۆمانێکم بەدەستەوە بوو، لەناکاو گوێم لە تۆنێکی ئارام بوو کە وای لێکردم قووڵتر بخوێنمەوە. ڕەنگە مۆسیقا ڕۆڵێکی هەبێت کە ئێمە تێبینیمان نەکردبێت.

لە ڕۆژی چوارەمی پێشانگاکەدا، نمایشی مۆسیقا بە فەرمی بوو بە بەشێک لە خشتەی ڕۆژانە، شانبەشانی سیمینار و وۆرک شۆپ و واژۆکردنی کتێب. هەندێک لە نووسەران خۆیان دەستیان کرد بە دەربڕینی دڵخۆشی خۆیان بەم هەنگاوە، پێیان وایە مۆسیقا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مرۆڤەکان لە کتێبەکە نزیک دەکاتەوە.

نووسەر و ڕۆماننووسی کورد کۆفان سندی بە (پاشکۆی ئەلمەدای) ڕاگەیاند: «پێشانگاکە چیتر تەنها شوێنێک نییە بۆ فرۆشتنی کتێب، بەڵکو فەزایەکە بۆ ئەزموونێکی هەستیاری تەواو.» کاتێک منداڵێک دەبینم دەوەستێت بۆ گوێگرتن لە فلوتژەنێک، پاشان دەچێتە ناو بەشی کتێبی منداڵان، دەزانم شتێکی جوان وناوازە ڕوودەدات.

وە لە نێوان خانەکانی شیعر و ڕەفەی ڕۆمان و کتێبی هونەر و فەلسەفەدا، میوزیک وەک تارێکی نەبینراو دەڕوات و سەردانکەر بە شوێنەکەوە دەبەستێتەوە و ساتێکی تێڕامانی دەداتێ کە ڕەنگە لە قەرەباڵغی ژیانی ڕۆژانەدا نەیدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا، بوونی میوزیک لە پێشانگای کتێبدا، بۆ کات بەسەربردن ودڵخۆشکردنێک نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە فەلسەفەیەکی کولتووری نوێ کە هونەر بە هەموو فۆرمەکانییەوە وەک درێژکراوەی وشەیە، وە پێی وایە کە مێلۆدی دەتوانێت دڵی خوێنەر بکاتەوە پێش ئەوەی چاوەکانی بکەوێتە سەر لاپەڕەی کتێبدا.

لە هەولێر، ئەمساڵ کتێب تەنها قارەمانی پێشانگاکە نەبوو، بەڵکو عود و دەنگی چەپڵیش لە سمفۆنیای لەبیرنەکراودا ڕۆڵی هەبوو.